# بۆنی کیمیای ڕوح کێشانی لێ دێت..

**عوسمان عەسکەری**
**eskerei@yahoo.se**



18 ساڵ چاوەڕوانی ئازارو تلانەوە، وەک مامۆستا، هاوڕێ، برا، مام، کوڕ، هاوسەر، باوک و چاوساغی گوندی گۆپتەپە. ئایا دەزانی 1 ساڵ بریتیە لە چەند شەو، یان لە چەند ڕۆژ، ئەی دەزانی 18 ساڵ پێکهاتوە لە چەند شەو و ڕۆژ؟ 18 جاران 366 جار دەستدرێژی سیکسی کردنە سەر جەستەو ڕوحی دەستە خوشکەکان کەبە میسرو جەزیرەی عەرەبی فرۆشران. 18 ساڵ جاران شەو مێردەزمەو وڕێنەی ئازارەکانی خەو و ڕاپەڕین بەدەم هاواری منداڵەکان بۆ مامۆستا، باوک، برا، هاوڕێ، ڕۆشنبیر و خوێندەواری گوند یان هاوسەرێکی خۆشەویست. دڵنیام تەنها تۆ و ئەوانەی وەکو تۆن، تەنها ئێوەن دەتوانن لەدادگادا بەزمانی عەرەبی بدوێن. تەنانەت زمانی ئەو دادگایەش بۆنی سیرو سێوی بۆگەن، بۆنی کیمیای ڕوح کێشانی لێ دێت. ئەوزمانەی لەژێر باڵی فڕۆکەکان، لەسەر لوتی ساروخەکان پێی نوسرابوو (أمه عربیه واحده ذات رساله خالده) ئیدی هەموو شتەکان، مرۆڤەکان، زیندەوەرەکان، شارو شارۆچکە و گوندەکان، داروبەرد زێ، ڕوبار و کانیاوەکان ڕایان دەکرد بۆ ئەوەی ژیانیان لەمەرگ ڕزگار بکەن. 18 ساڵ ئازار و نامۆ لەهەمومرۆڤایەتی، ئەزمونێکی گەورەتری بەئێوەی گەورە بەخشی کەنزیکتر لەسۆمای چاوی پڕلە فرمێسکی غەمت، مەرگت بینی. 18 ساڵ زۆر بەسەختی پڕ مەینەت گوزەری کرد بەڵام بۆ گەورەیی ئێوە تەنها ئەزموون نەبو بەڵکوپاڵەوانو فریشتەی گەڕانەوەی ڕوحی 6 مرۆڤ بو. ئەی کوا ئەوپشتێنە 3 مەتریە؟ بۆتە موتفەڕکی کام مۆزەخانەی جینۆساید؟ شوشەی ئەترۆپینەکان، وێنەی ڕوحی کام منداڵ و کام پەپولەی ئاسمانی تیایە. وێنەی کام شۆخی فرۆشراوی سەرتەختی مەلهاکانی شەرم شێخی میسرو هەناسەی پیسی کام ملیۆنێر و کام سەرکردەی کوردی تیایە کە لەسەرسنگی کچە کوردە فرۆشراوەکانی تیاترۆی میسر پێکی مەستیان دەخۆنەوە. شوشەی ئەترۆپینەکان بەسەرهاتی گۆپتەپەو عەسکەر، وێنەی شۆخە فرۆشراوەکان و جینۆسایدی هەمو کوردستانی تیایە.

بەسەرهاتەکانی منداڵی نەریمان، پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی گوندی عەسکەر پێی دەگوتم! ڕۆژانە بڵندگۆکان لەبیابانەکانی نزیک سعودیە بانگەوازیان دەکرد، سبەی زوو 10000 کەس ئامادەبێت. ئیدی پاش هەواڵ بیابان وەک دەریاچەو دارستانێک ڕەنگی شەختەو کریستاڵی گرتبێت شەپۆلی دەدا. لەڕۆژی عەرەفەو لە ئیسراومیعراجی کەعبە دەچوو. کوردە ئەنفال کراوەکان دەجوڵانەوەو لەگەڵ یەکدی دەدوان. لێدوانەکان تەنها بریتی بون لەپرسیار! کە هیچ مرۆڤێک هیچ هێزێک نەیدەتوانی وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە. بڵێی بۆ کوێمان ببەن؟ بۆچی دەمانبەن؟ لەهەموو ئەو بیابانە، تونیو برسێتی، مەرگو هیوای ژیان، جوڵانەوەو ترس، کەوتنو ڕاستبونەوە، تورەییو ڕقوکینە، تاودان بەڕاستو چەپدا، وێنەی شەپۆلی دەریا ئاسا تاویان دەدا. بەگشتی دەستی کەسوکارو هاوڕێ چاو پڕ لەفرمێسکەکانیان دەگوشی. بەیەکەوە دەنگیان لەشەو دەکرد، دەی خێراکە شەوەزەنگ دەتەواو بە برۆ بارۆژ بێت ئێمە عەشقی ڕۆژین. چونکە ڕۆژ دێت چەندین لۆری و شاحنە لەگەڵ خۆی دەهێنێ و دەمانگوازێتەوە. هەزاران مرۆڤ بەبێ ئەوەی ناونوس یان بانگ بکرێن وەک مەڕو گاگەل دەنگیان لێ دەکردن، دەی سەرکەون.. لەبەر پەلەکردن بۆ سەرکەوتنی لۆریەکان زۆر دەکەوتنە بن دەستو پێوەو جارێکی دیکە نەدەکەوتنە سەرپێی خۆیان. ئیدی تا دەگەیشتنە ناوچەیەک دیسان بیابان، هەرلەوێدا جەنەراڵێک کە ڕەنگی خێوو دڕندەی هەبوو بەدەستە بکوژەکانی بەڕاستو چەپدا ئاماژەی بۆ دابەشکردنی کوردە ئەنفال کراوەکان دەکرد. ئەنفال کراوەکان نەیان دەزانی بۆکوێ! بەڵێ بۆ ئەوەی چەکی کۆکوژو کیمیایان لەسەر تاقی بکەنەوە!! ئەوانەی ڕۆیشتن ئیدی دواسەفەربو نەگەڕانەوە.

ئێوە کەشایەتحاڵی کۆکوژی جەلادەکانن ئاسان نەبو کە تێبگەن چۆن هێزێک دەبێت بتوانێت هەروابەئاسانی جینۆسایدی نەتەوەیەک بکات. ئەی هێزێک نیە لە جیهاندا ڕێگەی جینۆساید بگرێت؟ بەڵێ جیهانیش تاوانبارە.. ئەی بڵێی کەسانێک هەبێت لەئێوە تێبگات. کەتەنها بەرلە ساتێک سەری گەرمی هاوسەرەکەت لەئامێزت دەناو ڕومەتە جوانەکانی مامۆستا لەتیف و لێوی نەرمی منداڵەبێ گوناهەکانت ماچ دەکرد. ئەولێوە نەرمانە بەتایبەت ئەولێوە نەرمو دەمەبچکۆڵانەیەی منداڵەکان لەناو ناڵەو دوکەڵی کیمیادا خنکان. ئەوچاوەگەشانەی کەهێشتا نەیدەزانی چۆن بڕوانێتە ژیان لەکاتی تێڕامان بۆ ئەترۆپین ئیدی بەتیژی خەردەل یان باشترە بڵێم کیمیا بۆ هەتاهەتایە چونە سەریەک و جارێکی دیی نەدەتروکان. نەخێر کەس ناتوانێت تێتان بگات. مامۆستا عەبدوڵڵا، ئەو ئازارانە تۆو ئێوە، تەنها کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لێی تێ دەگەن.

ئێوە ئەورۆژە پڕ لەکیمیاو ئاگراویەتان بینی. ئێمە لەناو کلپەی ئاگرەکاندا ئێوەمان بینی. بینیمان چۆن مرۆڤەکان دەچونە قولایی زەویەکانەوەو بۆناو ئەشکەوتەکان لەدەست مەرگ تەنها بۆ پاراستنی ژیان. تراژیدیابوو کاتێک برا لەبرا جودا دەبۆوە هەروەک ئێمە زۆر لەخزمو هاورێکانی گوندی عەسکەر پێکەوە بوین بەلام بۆیەکجاری لێک دابڕاین. ئاسان نەبو تابزانیت کێ مردوە کێ زیندوە ئەوان بەسەردەمدا گلۆلەیی ڕاکشابون، یان بەپێکەنین و بەدەم هاوار وەکو شێت دانیشتبون، بۆیە هەمومان لەیەک دەچوین بەلام چاوی ئەوان مەرگی تیا بو لەگەڵ ئەوەش نەمانتوانی کەس بنێژین.

من بینیم کەلێوە ساردو سپیەکانی مندالە ناسکۆلەکان لەگەڵ کلپەو بلێسەی ئاگرەکاندا دەجولانەوە بۆ نوێژێکی هێمن بۆ هاوارێک، هاوار بۆ ئەو کیتابەی دەستی سەددام! بەلام نەخێر تا دواجولەی لێوەکانی هیچ شتێک نەیتوانی چرکەیەک هەناسەی ژیانیان بداتێ لێوی وشکیان تەڕ کاتەوە. لەوکاتە من دەستو سەرم بەرزکردەوە، ڕوم لەئاسمان کرد بینیم ئاسمان سورهەلگەڕاوە، بەتوڕەییەوە تریشقاندی ئیدی تێگەیشتم کە ئاسمانیش توڕەیەو ڕێگەی بیرکردنەوەو تێرامانم لێ قەدەغەدەکات. ڕوحی پاکی ئەومندالە دەمبچکۆلانەیەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاو هەر لێرەوە دلی 182 هەزار ئەنفالو 5000 شەهیدی هەلەبجە لەلێدان کەوتو ڕوحیان بە پەیژەی کۆلەکەزێڕینەدا بەرەو ئاسمان هەلکشان و لەوێدا بون بەمیوانی دوامەنزلی 8000 بارزانی. من لەورۆژەوە بیروبڕوام بون بەتەمو ئیدی مرۆڤێکی سڕو گێژ بوم. بەگومانبوم لە ( USA, EU, UN) لەهەمو کۆمەلگای مرۆڤایەتی و سەرجەم وولاتانی جیهان بەگومانبوم. هەتا ماوەیەکی زۆر بڕوام نەدەکرد کە ئەوهەلومەرجە سەختەمان بینی و لێی دەربازبوین. ئەوکات چرکەکان دەبون بەسەعات هەر تەواو نەدەبون، ئیدی هەردەم نەعلەت لەهەموو بکوژێک دەکەم. نەعلەت لە هەموو دیکتاتۆرو دڕندەیەک دەکەم نەفرەت و نەعلەت لەو کەسانەش دەکەم کە سەرکردە گەورەو تەعزیم دەکەن.